# چۆن خۆمان
# لە بیروباوەڕی گێلانە بەدووربگرین؟




بێرتراند ڕەسڵ   بۆ فارسی: ئیبراهیم ئسکافی

لە فارسییەوە: هیدی

بێرتراند ئارتۆر ویلیام رەسڵ (1872/5/18- 2/2/ 1970) بیرکاریزان، لۆژیکزان و فەیلەسوفی بریتانی بوو کە نووسینەکانی لەبواری شیکردنەوەی لۆژیکی، فەلسەفەی سەدەی بیستەمی خستە ژێر کاریگەری خۆی. بێرتراند رەسڵ کە خەڵاتی نۆبڵیشی وەرگرت، لە وتارێکی کورتیدا بەناونیشانی (چۆن خۆمان لە بیروباوەری گێلانە بەدووربگرین) بە روونی باس لە خەسارناسی ئافاتی دەمارگرژی، دۆگمایی و وشک پێشداوەری و ...هتد لە بیروباوەرەکانی مرۆڤ دەکات.

بۆ خۆپاراستن لە جۆرەکانی ئەو بیروباوەرە گێلانەیەی کە جۆری مرۆ ئامادەیی هەیە بۆ وەرگرتنی، پێویستی بە بلیمەتییەکی سەرووی مرۆڤەوە نییە. چەند بنەمایەکی سادە، ئەگەر لە هەموو کارە خراپەکانیش دوورت نەخاتەوە، لانی کەم لە کارە بێ عەقڵییەکان پەشیمانت دەکاتەوە.

ئەگەر بابەتەکی شتێکە کە بە بینین روونەبێتەوە، خۆتان برۆن ببینن. ئەرستۆ دەیتوانی بە شێوازێکی سادە خۆی لەو بـاوەرە هەڵەیە بپارێزێت، کە وا باو بوو ژنان ددانی کەمتریان هەیە لە پیاوان: داوا لە خێزانەکەی بکات کە دەمی بکاتەوە تا ددانەکانی بژمێرێ. ئەو ئەو کارەی نەکرد، چونکە پێیوابوو دەزانێ. وێناکردنی ئەوەی کە شتێک دەزانیت، کە لە راستیدا نایزانی، هەڵەیەکی کوشندەیە کە هەمومان رەنگە تووشی ببین. من باوەرموایە کە ژیشکەکان سیسرکە رەشەکان دەخۆن، چونکە وایان بە من گوتوە، بەڵام ئەگەر بریار بێت کتێبێک لەبارەی ئەخلاق و سروشتی ژیشکەوە بنووسم، تا ئەو کاتەی کە نەبینم کە ژیشک چێژ لەو خواردەمەنییە قێزەونە وەردەگرێ، تێروانینێکی وەها دەرنابرم. ئەرستۆ کەمتر لە من خۆی دەپاراست. نووسەرە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەراست زانیارییەکی گشتییان لەبارەی تاک قۆچەکان سەمەندەرەکان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچکامیان تەنانەت یەکێکیشیان لەوانە نەبینیبوو، یەک کەسیش هەستی نەکرد کە پێویستە واز لەو بانگەشەیە خەیاڵییە بهێنن کە لەبارەی ئەوانەوە هەیە.

زۆربـەی بابەتەکان لەوە سادەتر دەردەچـن لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا. ئەگەر وەکو زۆربەی خەڵک ئێوە باوەرێکی پتەو و نەگۆرتان هەیە لە بەرانبەر هەندێک مەسەلەدا، هەندێک شێواز هەن کە دەتوانن لە رێگەیەوە هەست بە دەمارگرژی خۆتانەوە بکەن. ئەگەر بیروباوەری ناکۆک تووشی هەڵچوونتان دەکات، نیشانەی ئەوەیە کە تۆ بێئاگایانە دەزانی کە بەڵگەیەکی گونجاوت نییە بۆ ئەو شتەی کە تۆ بیری لێدەکەیەوە. ئەگەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە دوو کۆ دوو دەکاتە پێنج، یان ئەوەی کە ئایسلەند دەکەوێتە هێڵی ئیستیوا، تۆ لە جیاتی ئەوەی هەڵبچی، دڵت بۆی دەسووتێ، مەگەر زانیاری بیرکاری و جوگرافیاییت هێندە کەم بێ کە ئەم قسانە بیروباوەرەکانی تۆ بلەرزێنێ. زۆربەی باسە زۆر توندەکان ئەوانەن کە هەردوو لا بەڵگەی پێویستیان نییە لەسەر بابەتەکان. ئەشکەنجە لە ئیلاهیات دا بەکار دەهێندرێت نەک لە بیرکاریدا، چونکە بیرکاری پەیوەندی بە زانستەوە هەیە، بەڵام لە ئیلاهیات دا تەنیا باوەر بوونی هەیە، هەربۆیە ئەو کاتەی کە هەست تێدەگەیت لە جیاوازی بیرواکاندا هەڵدەچوویت، ئاگادار بن، لەوانەیە بە لێکۆڵینەوەی زیاتر تێدەگەیت کە بۆ بیروباوەرەکانت بەڵگەی دەمکوتکەرت نییە.

**بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی توانای تەخەیولی بەهێزن، شێوازێکی باشە کە ململانێیەکی ناکۆک لە زەینی خۆیاندا وێنا بکەن**

رێگایەکی گونجاو بۆ ئەوەی خۆت لە جۆرێکی تایبەت لەوە رزگار بکەیت، ئەوەیە کە زانیاریت هەبێ لەسەر ئەو بیروباوەرە ناکۆکانەی کە کەسانی دەوروبەرت هەیانە. کاتێ کە گەنج بووم چەندین ساڵ لە دوورە وڵات ژیام، لە وڵاتانی فەرەنسە، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. پێموایە ئەو مەسەلە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی دەمارگرژییە و بیرتەنگیانەکەم. ئەگەر تۆ ناتوانیت بچیتە سەفەر، بەدوای ئەو کەسانەدا بگەرێ کە دیدگای ناکۆکی تۆیان هەیە. رۆژنامەی حزبە ناکۆکەکان بخوێننەوە. ئەگەر ئێوە ئەو کەسانە و رۆژنامەکەتان پێ شێت و گەندەڵ و بەدکارە، ئەوەتان لەبیر نەچێت کە ئێوەش لە روانگەی ئەوانەوە وەهان، هەربۆیە لەوانەیە هەردوولا لەسەر هەق بن، بەڵام هەردوو ناتوانن هەڵە نەکەن، ئەمەش زادەی جۆرێک خۆپاراستنە.

بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی توانای تەخەیولی بەهێزن، شێوازێکی باشە کە ململانێیەکی ناکۆک لە زەینی خۆیاندا وێنا بکەن. ئەم شێوازە بە بەراورد لەگەڵ گفتوگۆی رووبەروو تەنیا یەک سوودی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە رووبەرووی هەمان سنووردار‌بوونی کات و شوێن نابێتەوە.

مەهاتما گاندی رێگای ئاسن و کەشتی هەڵمیی و مەکینەکانی مەحکوم دەکرد، ئەو حەزی دەکرد هەموو شوێنەوارەکانی شۆرشی پیشەسازی بسرێتەوە. ئێوە لەوانەیە هەرگیز ئەو شانسەتان نەبێ کە رووبەرووی کەسێ ببنەوە بەو بیروباوەرەوە، چونکە لە وڵاتە خۆرئاواییەکان زۆربەی خەڵک پشتیوانی لە دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیای نوێ دەکەن، بەڵام

ئەگەر ئێوە دەتانەوێ دڵنیا بن کە پشتگیری لەو باوەڕە باوە بکەن، شێوازی گونجاو بۆ تاقیکردنەوەی ئەمە ئەوەیە، کە قسەوباسێکی خەیاڵی وێنا بکەی لە زەینی خۆت، ئەگەر گاندی لەوێ بوایە، چ بەڵگەیەکی بۆ ڕەتکردنەوەی باوەڕی ئەوانی تر دەختەڕوو. من هەندێ جار لە دەرنجامی ئەو گفتوگۆ خەیاڵییانە بەڕاستی ڕام گۆڕاوە، جگە لەوەش زۆر جار تێگەیشتووم کە بە درکپێکردنی ئەگەری عەقڵانیبوونی ناکۆکە گریمانەییەکان، دەمارگرژی و غرورم بەرەو کەمبوونەوە دەچێ.

سەبارەت بەو باوەڕانەی کە خۆپەرستی تۆ تیژ دەکات، خۆت بپارێزە. لە هەر (دە) کەسدا، نۆ کەس، چ ژن و چ پیاو بە توندی لەوباوەڕەدان کە ڕەگەزەکەیان بەرزترە لە بەرانبەرەکەیان. بەڵگەی زۆریش بۆ هەردوو لا هەیە. ئەگەر تۆ پیاو بیت دەتوانیت نیشانی بدەیت کە زۆربەی شاعیر و زانایان پیاون، ئەگەر ژن بیت دەتوانی وەڵامبدەیتەوە کە زۆربەی تاوانەکانیش هەر پیاوان ئەنجامیدەدەن. ئەم پرسیارە لە بنەڕەتەوە چارەسەری نییە، بەڵام خۆپەرستیی ئەو ڕاستییە لە دیدی زۆربەی خەڵک دەشارێتەوە. هەموومان خەڵکی هەر کوێیەک بین، ڕازیکراوین کە گەلی ئێمە لە هەموو گەلێک سەرووترە. ئێمە لەگەڵ زانینی ئەوەی کە هەر میللەتێک چاکێتی و عەیبی تایبەت بە خۆی هەیە، پێوەرە بەهادارییەکانمان بە جۆرێک پێناسە دەکەین کە بیسەلمێنین بەهاکانمان گرنگترینی بەهاکانە و عەیبەکانمان زۆر کەمن.

**ڕێگایەکی گونجاو بۆ ئەوەی خۆت لە جۆرێکی تایبەت لەوە ڕزگار بکەیت، ئەوەیە کە زانیاریت هەبێ لەسەر ئەو بیروباوەڕە ناکۆکانەی کە کەسانی دەوروبەرت هەیانە**

لێرەدا دیسان مرۆڤی ماقووڵ قبوڵدەکات کە ڕووبەڕووی پرسیارێکە کە وەک بڵێی وەڵامێکی ڕاست بۆ ئەو پرسیارە نییە. دژواتر لەویش ئەوەیە کە چاودێری خۆپەرستانەی مرۆڤ بە هۆی مرۆڤ بوونییەوە بین، چونکە ئێمە ناتوانین بە زەینی نا مرۆییانە قسەوباس بکەین. تەنیا ڕێگەیەک کە من بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە خۆپەرستییەی مرۆڤ دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە لەبیرمان بێت کە مرۆڤ بەشێکی بچوکە لە ژیانی هەسارەیەکی بچوک لە گۆشەیەکی بچوکی ئەو جیهانەیە و هەروەک دەشزانین لە بەشەکانی تری کەیوانیش لەوانەیە بوونەوەرانێک هەبن کە ڕێژەی گەورەییان لەگەڵ ئێمە وەکو ڕێژەی مەزنی ئێمە بێت لەگەڵ ئەستێرەیەکی دەریایی.

**سەرچاوە:**
www.Google.com